# من و ڕۆژگارو شلۆمۆی کورد

ڕۆمانێکی کوردییەو بەعارەبی نووسراوە

## لێدوانی: محەممەد فەریق حەسەن

ـ پیتە زێڕینەکانی (شلۆمۆی کورد) لە سەر دەرگای ژوورەکەم لەبازاڕی بەغدا دەدرەوشانەوە.
ـ (کەتانی) ی نازناوی بنەماڵەکەم پشتگوێ خستبوو. دەمویست دوورو نزیك پێبزانن کە کوردێکی کۆچبەری پەناهەندە، یەکەم کەس بووە (بالە) ی کۆنەی هێناوەتە عێراقەوە.
ـ لەو سیفاتانەی گەرەکە لە سەرۆکی جالووتدا هەبێ ئەوەیە: دەبێ دەستی بگاتە ئەژنۆی.
وامدەزانی باڵی وەها درێژ هەبوونی نییە، تا باڵەکانی شلۆمۆی کوردم دی...
ـ لە دوای ئەسمەر ( أم عزیزە )م هێنا. خۆڵی دوای بەرد و قەیرەکچی دەمەوەر. ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵم بە دایککی عەزیزە نەداوە..خیانەتم لە ئەسمەری دایکی مناڵەکان کرد.
ـ کاتێ دەچوومە لای دایکی عەزیزە وەك ئەوە وابوو لە جندەخانەیەکد، چوویێتمە پاڵ سۆزانییەك.
ـ ئارەزووم چیایەکە لە چیاکانی کوردوستان.
ـ لە هەموو تەمەنمدا تەنێ دووجاران گریاوم. جارێکیان ئەو ڕۆژە بوو ئەسمەری دایکی منداڵەکانیانیان تێدا سەرپری، جارێکیش کە ئەستێری گچکەو ئەستێر و ناحومیان کوشت.
ـ سەد ساڵی پڕ لە کارەسات، بەڵام چۆنت ناسیوم هەر وەکو خۆمم. شلۆمۆی کوردم. دوا مەنزڵم ئێرەیە، ڕامات کان
باوجوودی بەغدای شکۆمەند وبۆمبای، سەرچاوەی نیعمەت، سابڵاخە خۆشەویستە بە نەفرەت بووەکەم لە بیرناچێ.
ـ کوردێکی ئێرانیم و ڕۆژگار پەڕاگەندەی بەغدای کردووم.
ـ من ڕۆشنایی بەرلە تاریکی و گوڵ بەرلە دڕك دەبینم.
ـ ژن و بازرگانی دەبێ لێیان دڵنیابێ.
ئەم رستەو گوزارشتانەی سەرەوە مشتێکن لە رۆمانی من و رۆژگارو شلۆمۆی کورد (شلومو الکردي وانا والزمن) کە ئەمساڵ (٢٠٠٤) لە لایەن دەزگای پەخشی (الجمل)ی ئەڵمانییاوە چاپ وبڵاوکراوەتەوە. (٣٦٠) لاپەڕەیەو نووسەرو رۆماننووسی جوولەکەی بە بنەچە عیراقی(سمیر نقاش)نووسیویێتی. بەسەرهاتی سەدەیەك لە تەمەنی شلۆمۆی کوردی تەمەن سەد ساڵە دەگێڕێتەوە.. شلۆمۆ لە ئێستای رۆمانەکەدا پیرێکی پەککەوتەیە. مێژوویەکی دەوڵەمەندی لە پشتەوەیە کە تەواوی سەدەی بیستەمی پڕ لە کارەساتەو لە (رامات کان)ەوە قسان دەکات و لەوێشەوە بە تانیدا دێ و دەگەڕێتەوە دواە. بە ناوی رۆمانەکەدا دیارە کە سێ لایەن ناوبەناو ..دەیگێڕنەوە؛ ١-شلۆمۆی کورد ٢-منی حیکایەتخوان ٣-رۆژگار، یاخود مێژوو
بەم شێوەیە بە هەرسێ لایان لەرێگەی خودی شلۆمۆوە، بەسەرهاتی کەمایەتیی جوولەکەی مەهابادی سەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەم دەگێڕنەوە. وەك لە رۆمانەکەدا هاتووە هێشتا ئەم شارە بە مێژوو دەوڵەمەندەی کوردستانی خۆرهەڵات هەر بە سابڵاخ ناسراوەو لێرەدا هەمیشە بە (صبلاخ) ناوی دێ.. مێژووی سەدەی بیستەمی کورد ، بە گشتی بریتییە لە رابوون و سەرکوت کردن.ڕەشەکوژی و ئە نفال و کیمیاباران و کەرت وپەرت بوون.کوردێ کە زۆرینەی موسوڵمانەو چواردەوریشی بە موسوڵمان تەنراوە ئەمە حاڵی بووبێ،جاوەرە حسابی خۆت بکە لەو کەش و دۆخەی خۆرهەڵاتی ناڤیندا کورد بووبیت و جوولەکەش بووبی، دەبێ چ حاڵێکت بە دەست دەوروبەرەوە هەبووبێ پەناهەم بە خودا؟
سەمیر نەققاش بەسەرهاتی کەمینەی جوولەکەی نێو شاری مەهابادی کردۆتە بابەتی رۆمانەکەی و پاڵەوان شلۆمۆی بازرگانە.لەم رۆمانەدا،شلۆمۆ لە سەختیدا تاشەبەردەکانی دەورو بەری مەهابادە. لە دڵئاواییدا دڵئاواترین خێڵەکیی کوردە، کە رەشماڵەکەی هەردەم بێ دەرگاو دیوارە و ئاوەڵایە. لە هاوکاریی دەوروبەریدا، بە فەلەو موسوڵمانەوە بێوێنەیە. بە دڵ و دەروون و ڕەچەڵەك کوردە و لەو تەنگانەیەی وا تێیکەوتوون، تەنگانەی جەنگی یەکەم بە برسێتی و تۆڵەی کوێرانەی ئەحمەد شای قاجارو پیاوە نەخۆشەکەوە (دوامای دەوڵەتی عوسمانلی) بە رەشەکوژیی روسیای تزارەو هاریکارییان

دەكات . شلۆمۆ وەك بازرگانێكی جوولەكە  لە سەرمایەگوزاریدا كارامەیە. دەزانێ لە رۆژانی جەنگ و گەمارۆی مەهاباددا خۆراك لە لیرە بایەخی زیاترە، بۆیە هەرچی پارەو زێری هەیە دەیدا بە خۆراك و وەك بازرگانەكانی  دیكە تێناكەوێ. لە كاتی جەنگدا ماڵی شلۆمۆ دەبێتە داڵدە بۆ تایەفەكەی و بۆ فەلەو موسوڵمانان.لەبەر نانبدەیی خۆی و باوكی، دەیكەنە عەمیدی تایەفەكەی. وەك سەركردەیەكی لێوەشاوە ،لەكاتی خۆیدا بڕیار دەدات. سەختترین بڕیاریشی ئەودەمەیە كە (جەلال رافزی) بە نهێنی و بەسواریی لە تارانەوە دێ و پێپڕادەگەیێنێ سەردەركەن دەنا ئەحمەدشای قاجار بەو تۆمەتەی گوایە لە كاتی جەنگدا جوولەكە هاوكاریی رووسیان كردووە ، لە ماوەی دوو رۆژدا هێزێكیان دەكاتەسەر و قەتڵوعامیان دەكات..هەر ئەم جەلال رافزییەش بوو لە بەندیخانەی تاران رزگاری كردبوو، كاتێ شۆفارەكان خەبەریان لێدابوو،كەژمارەیەكی زۆر تفەنگ و دەمانچەی لە روسیاوە هێناوەو  لە سابڵاخ فرۆشتوونی. بەرای شاهەنشا ئەو ژمارە چەكە بەسە بۆ بەرپابوونی  یاخیبوونێک دژی  شانشینەكی.
لەرووی شێوازی نووسینەوە، ئەمیش تەواو لەو رۆمانانە دەچێ كە بەم نزیكانە خوێندوومنەتەوەو ( ٢٠٠٣ -٢٠٠٤  )چاپبوون. ئەمیش وەك ئەوان بە زمانێكی سادەو ئاسان بەڵام تژی لەمەبەست و مانا نووسراوە. ئەگەرچی بەزمانی عەرەبی نوسراوە، بەڵام بەرووداوو پاڵەوان، بەمەبەست و مانایەوە كوردییە.. چ جای ئەوەی زۆربەی رووداوەكان لەمەهاباد بەڕێوەدەچن . دەكرێ بڵێم : رۆمانێكی كوردییە و بەزمانی عەرەبی نووسراوە. تژی لەئاماژەو ماناو وێنەی جوانی لێكدانەوە هەڵگر. گوزارشتە لە نەهامەتییەكانی میللەتێك بەزمانی هونەر.
وەك لەسەرەتاوە وتم بەسێ حیكایەتخوان دەیگێڕنەوە. لەكۆتاییەوە دەست پێدەكاو پاشان دەگەڕێتەوە بۆسەرەتا. لەبری بەشكردنی بەفەسڵ ( بەش ـ باژ ) ئەم هاتووە هەرپاژەو ناونیشانێكی داوەتێ وەك : ( رامات كان ١٩٨٥) یان ( سابڵاخ ١٩١٤-١٩١٨) ..هتد .بەمپێیە دەكرێ لەخانەی رۆمانی مێژوویيدا پۆلێنی بكەین. دیارە مێژوو بەمانای رێزكردنی رووداو وناوی پادشاو ساڵەكان نا..بەڵكو بەو مانایەی رۆمانی مێژوویی گێڕانەوەی گەوهەری مێژووە بەشێوازێكی هونەریی، كەزۆر لەخودی مێژوو دڵگیرترە. چونكە مێژوونووس بەزۆری چی بەكەڵك بێ ئەوە دەنووسێ، لەكاتێكدا ڕۆمان نووس چی ڕاستی بێ. مێژوونووسی ئەوسا هەردەم میوانی سەرخوانی پادشاوتزارو سەركردەكانی جەنگ بوون و قەڵەمەكەیان لەخزمەت بەرژەوەندیی ئەواندا سووڕاوە. كەچی ڕۆمان نووس لەگۆشەنیگای توێژو چینە بێبەشەكانەوە دەنووسێ و بەرگرییان لێدەكاو باكی لەبەرژەوەندیی میروپادشایان نییە.
كات جەنگی یەكەمە. شوێن سابڵاخە. ئەحمەدشای قاجاری شاهەنشای ئێران ،دۆستی تزاری روس نیقۆلای دووهەمەو ئێران لەم جەنگەدا بێلایەنە. كەچی وەكوتر، ئێران دەبێتە پێخوستی سوپای روس بەلایەك وسوپای عوسمانلیی هاوپەیمانی ئەڵمان بەلایەكی دی وشاهەنشاش بە دەنگ نایە.سابڵاخ ئابلووقەیە.گا بەدەست روسەوەیەو عوسمانلی تۆپبارانی دەكا.گا بە دەست عوسمانلییەوەیەو روس تۆپبارانی دەكات. لە هەموو بارێكدا هەر بە زیانی خەڵكی سابڵاخی زۆرینە موسوڵمانی كەمینە فەلەو جوو دەشكێتەوە. كەچی لە رووی كەمیی هوشیارییەوە، كوردە موسوڵمانەكانی سابڵاخ پێیانخۆشە شار بكەوێتە دەست عوسمانلی، چونكە موسوڵمانە. جوو و فەلەش لەبەر هەمان هۆ حەزدەكەن بەدەست روسەوە بێت. لە لای موسوڵمان، ئەڵمان بە نیوە ئیماندار حسابە چونكەهاوپەیمانی عوسمانلیی موسوڵمانە.هەر لە سابڵاخدا (حسەن چاقماق)ی سمێڵ باپڕ بەلشەفیكەو ئاگاداری كێشەی نێوان بەلشەفیك و مەنشەفیكی روسیایە و سەركردەی گرووپێكە، پڕوایان بە لەنین و تروسكی هەیە. چاقماق پێیوایە  هەر ئەم سوپایەی روس، رۆژێ دێ دەبێتە پشتو پەنای چەوساوان و رزگاركەری گەلان و ئاڵای سۆسیالیزم لە روسیاو ئازربیجاندا هەڵدەكاو دواتر جیهان لە سایەی سۆسیالیزمدا بە خۆشی و شادی دەژی و خەنیدەبێ.
شلۆمۆش عەمیدی تایەفەی جوولەكەیەو وەك بازرگانیش شەریكی (میرعەلی)ی موسوڵمانە. كاتێ ڕووسی دژ بەموسوڵمان سابڵاخ داگیر دەكات، میرعەلی بەخێزانەوە داڵدە دەدا، نەبادا لەبەر ئەوەی موسوڵمانە ببێتە قوربانی. لەم ئاخۆران وبخۆرانەدا، جووتێ برا بەناوی مورتەزای حاجیزادەو وەلی ی حاجیزادە، لە سەر دەستەڵات  لە سابڵاخدا،كە دەستیشیان ناكەوێ، كارێ بەیەك دەكەن، كەس بە كەسی نەكردووە. ئەمەش دیاردەیەكە دەیان جار لەمێژووی كۆن ونوێی كورددا دووبارەبۆتەوە

.ئابلووقەی سابڵاخ درێژە دەکێشێ. پشیلە هەموو مشکەکان دەخۆن،پاشان لەگەڵ سەگەلدا شار .چۆڵدەکەن. خەڵك لەبرساندا پرزەیان لێدەپڕێ.خۆراک نامێنێ، ناچاردەبن مردووەکانی خۆیان بخۆن. لەداستانی خۆشەویستی نێوان حەسەن بزورگی کوڕەلاوی باوك بازرگان و(ئە لماس)ی کچەجوولەکەی نازدارو تاقانەی باوك زەڕەنگەردا، بە هۆی تۆپبارانەوە، باوکی کچە بەژێر داروپەردووی ماڵەکەیەوە دەبێ وحەسەنیش لەبرساندا دەمرێ. تائەو ڕۆژەی بەناچاریی لەگەڵ هەموو جوولەکەی سابڵاخدا ڕووەو عیراق هەڵدێن، شلۆمۆ بێجیاوازیی خزمەتی هەژارو برسیی شارەکەی دەکات. ژنەبچکۆلەکەی (ئەستێر) لەگەڵ ناحوم و ئەستێری بچووکدا،لە باخەکەیاندا دەکوژرێن. لەبەغداش بەناچاری، ئاودەستی ئێنگلیزەکان پاکدەکاتەوە. بەڵام کۆڵنەدەرە. ئەسمەر خشڵەکانی خۆی دەداتێ تابیکاتە دەستمایە.لە شاری (بۆمبای) هیندستانەوە (بالە)ی کۆنە دێنێ و ساغیدەکاتەوە. یەکەم کەسە کۆنە دێنێتە وڵاتی عیراقەوە.شلۆمۆ هەمیشە لەسەر زارێتی، کەکوردە. لەوێش، لەناڕەواییەکدا ، کە بەرامبەریان دەکرێ ئەسمەر، خێزانی خۆشەویست و بە وەفای، لە سەر شەقامەکان سەردەپڕدرێ. شلۆمۆ خەمی سەدەیەکی وابەکۆڵەوە. نەققاش بەوردی باس لە شارەکانی بۆمبای،بەغداو سابڵاخ دەکات وموعاناتی ئینسانی سەردەمی ئابلوقەوگرانیی پیشاندەدات.کاتێ خەڵك لەبرساندا دەمرن..منداڵی خۆیان دەبرژێنن و وەك شێتیان لێدێ. هەموو ئاکارو حاڵەتە ئینسانییە جوانەکان دەدۆرێنن و دەچنە پێستی دڕندەوە. برسێتی ئەمانی نییە ، بوار بە هەموو ئاکارە دزێوە خەفەبووەکان دەدا وەك شەیتان سەردەربێنن..کەچی شلۆمۆ لە هیچ سەردەمێکدا، نەریتە جوانەکانی خۆی نەدۆراندووە.

"وا خەریکە ڕۆح لە جەستە جیادەبێتەوە.. عەرەبانەی هەڵاتووان بەرەو تاریکی، ڕووەو سنووری خۆراوا پەلەیانە. کۆمەڵێکن شوناسیان ونکردووە. خاکی باپیرانیان جێدێڵن و شەو هەڵیاندەلووشێ. دوای ماوەیەکی کەم خاکی دەوڵەتێکی دیکەی غەریب قووتیاندەدا..ئەوانە کۆمەڵێك کۆچبەرن..پەنابەرن..کڵۆڵن"

بەڕاست من نەمتوانی شتێکی ئەوتۆ لەسەرئەم ڕۆمانە جوانە بدوێم و هەقی خۆی بدەمێ.. تۆبڵێی خەڵکی مەهاباد بزانن رۆمانێکی وەها لەسەر شارو خەڵکی شارەکەیان نووسراوە؟! دواجار دەمەوێ ئەوە بهێنمەوە یادی خوێنەر،کە لە زۆرێك لە دەقە بیانییەکاندا، کورد وەك کارەکتەرێکی نەگەتیڤ و ناجۆر پیشاندراوە. کەچی لەم ڕۆمانەدا رۆڵێکی تەواو پۆزەتیڤ دەبینێ.

**سەرچاوە:شلومو الكردي والزمن وأنا، سميرنقاش، دار الجمل، كولونيا ـ المانيا.**2004

سەمیر نەققاش ساڵی 1938 لەگەڕەکی بەتاوینی شاری بەغدا لەدایک بووە.1951لە عێراق کۆچی کردووە.لەنێوان ئیسرائیل و هیندستان وئێران دا ژیانی گوزەراندووە. بەم دواییانە لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو. هەمیشە خۆی بەعێراقی زانیوە،بەڵام لەبەر ئەوەی بەئاین مووساییە نەیتوانیوە بگەڕێتوە زێدی خۆی.چەند مانگێک دوای بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانەی کۆچی دوایی کرد. رۆمان و چیرۆک و دەقی شانۆیی دەنووسی.وەک:**أنا و هؤلاء والفصام**،قصص عراقية،1978،**نزولة و خيط الشيطان**،رواية عراقية،1986،**فوة يادم**،نوفيلا عراقية،1987،**الرجس**،رواية،1987 ،**المقرورون**،مسرحية،1990،**عورة الملائكة**،رواية،1991.